# داستان کتێبی 1987 بڵاودەکاتەوە

■ ئا: سیروان عەباس


کتێبێکی نوێی نووسەر و هونەرمەند داستان بارزان لەژێر ناوی (1987) ئێستا لەژێر چاپدایە و بەمنزیکانە بڵاودەبێتەوە. کتێبەکە باس لە بەسەرهاتی منداڵانی کورد دەکات.


داستان بارزان بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبی 1987 لە نامە و گێڕانەوە پێکهاتووە و باس لەو ڕووداوانە دەکات کە لە تەمەنی منداڵیدا بەسەر خۆی و منداڵانی کورد هاتوون و بە شێوازێکی ئەدەبی گێڕدراونەتەوە.


داستان بارزان دەڵێت: "1987 یادداشتەکانی منداڵین، منداڵێک کە شەڕی ناوخۆ و چەندین نەهامەتی بینیوە و ئێستا لە زاری گەنجێکی تەمەن 30 ساڵییەوە دەگێڕدرێتەوە، لەگەڵ کتێبەکەشدا سیدییەکی دەنگی بڵاودەکەمەوە کە دوو کۆمەڵە شیعر لەخۆدەگرێ".

داستان ساڵی 1987 لە سلێمانی لەدایکبووە و بەشی دەرهێنانی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، دواتر هەمان بەشی لە کۆلێژی هونەری زانکۆی سەلاحەدین خوێندووە.

داستان بارزان ئێستا مامۆستایە و خاوەنی پێنج کتێبە.







## "ئەستێرەی قەڵاتێ" نوێترین ڕۆمانی کەریم کاکەیە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کەریم کاکە، نووسەر و ڕۆماننووس، نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناوی "ئەستێرەی قەڵاتێ" چاپ و بڵاوکردەوە.

نووسەر لەبارەی ئەم بەرهەمە ئەدەبییە، لە ئەکاونتەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دەڵێت: "بە زمانی چیرۆک چتێ لە دیرۆک دەگێڕێتەوە، دیرۆکی کوشتن و غافڵکوژیی هەشت نۆ دە کەسایەتی دیرۆکی، لە کوڕی غەزاڵی چاو ئەستێرەوە یان بڵێین سمکۆی شکاکەوە دێ، بە کاوێس ئاغا و کوڕی عەبابەیلێ (ئەحمەد موختار جاف) و شاعیری ئەی ڕەقیب و کوڕە ئاڵا (ڕەمزی نافیع) و ئەوانەدا تێدەپەڕێ و دەگاتەوە ئەستێرەی زەرد (مارگرێت جۆرج) و پیاوی ناو ئایەتان (عەبدولخالق مەعرووف) یشی تێدایە".

ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە "جگە لەوانە زۆری دیکەش، ئەگەر بیخوێنیەوە، لەزاری پیری پەنهانزان و ئەبوو نەجم و ژنی ئەستێرەدار و ئەوانی دیکەوە دەبیستی".

"ئەستێرەی قەڵاتێ" ڕۆمانێکی (122) لاپەڕەیی قەوارە بچووکە بە تیراژی 500 دانە، لەلایەن کتێبخانەی مێخەک لە سۆران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

کەریم کاکە، ساڵی 1964 لە هەولێر لەدایکبووە، تاوەکو ئێستا 10 کتێبی لە چەند ژانرێکی ئەدەبیدا بە چاپ گەیاندووە، بە تایبەتیش ڕۆمان، لەوانە ڕۆمانی "درەختی کەتناوە"، ڕۆمانی "خەوی پساوەی قەندیل"، ڕۆمانی "کرێمستی"، ڕۆمانی "ئەستێرەی قەڵاتێ" و ڕۆمانی "ماچی یەکەم".




## کتێبێک لەبارەی "بە کولتوورکردنی خوێندنەوە"


■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"چۆن خوێندنەوە بکەین بە کولتوور؟" ناونیشانی کتێبێکی نوێی ئارام سدیق، نووسەر و توێژەرە کە توێژینەوەیەکە لەبارەی هەنگاوەکانی بەکولتوورکردنی خوێندنەوە و پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ دونیای خوێندنەوە و کاریگەرییەکانی کتێب لەسەر تاک.

ئارام سدیق بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبەکە لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر بە کولتوورکردنی خوێندنەوە و هەنگاوەکانی. بۆ ئەم مەبەستەش کۆی پرۆسەکە بەسەر چەند قۆناغ و دەروازەیەکدا دابەش کراوە کە لە باخچەی ساوایانەوە دەستپێدەکات تاوەکو زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەمە جگە لە باسکردن لە ڕۆڵی خێزان و هاوڕێ و کەناڵەکانی میدیا.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ پەیوەندیی مرۆڤ و خوێندنەوە و لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر گرنگیی خوێندنەوە و کاتی خوێندنەوە و سوودەکانی و چۆنێتی خوێندنەوە. هەروەها باس لەوەش کراوە ئەگەر مرۆڤ نەخوێنێتەوە چی ڕوودەدات.

سەبارەت بە بەشی سێیەم و کۆتایی کتێبەکە، ئارام سدیق دەڵێ: "ئەم بەشە بۆ هەندێک وتار و نووسین لەسەر کتێب و پەیوەندیی کتێب و بیرکردنەوە و کاریگەریی کتێب لەسەر ژیانی تاک و ڕۆڵی لە وشیارکردنەوەیدا، تەرخان کراوە".




بڕیارە ئەم بەرهەمە مانگی داهاتوو لە دووتوێی نزیکەی 200 لاپەڕەدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

ئارام سدیق، ساڵی 1981 لە سلێمانی لەدایکبووە. لە ساڵی 2000ـەوە نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە، وەکو ڕۆژنامەنووسی مەیدانی نزیکەی 10 ساڵ کاری کردووە، چەند ساڵێکیش لە بڵاوکراوە ئەدەبی و کولتوورییەکاندا کاری کردووە و خاوەنی 13 کتێبە.

# هاربەر لی، گۆشەگیری وەك دەرفەتی بیرکردنەوە



**لی لە پەخشنامە و بڵاوکراوەکانی زانکۆوە دەستیپێکرد و کورتە چیرۆکی دەنووسی، بەڵام دواتر و لە تەمەنی پەنجاساڵیدا، تەواوی ژیانی بۆ نووسین تەرخان کرد**

## مندالییەکی شەرمن، مردنێکی بێدەنگ

نووسەر و رۆماننووسی ئەمریکی نیللی هاربەر لی، ساڵی 1926 لە شاری مۆنۆرفیل لە ویلایەتی ئەلاباما لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی دواناوەندی، ساڵی 1944 چووەتە زانکۆی هانتیگتۆن، پاشان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماف، ڕووی لە زانکۆی ئەلاباما کرد. لی کە خوێنەرێکی هۆشیار و پێگەیشتوو بووە و هاوڕێ و هاوسێی منداڵیی نووسەری ناسراوی ئەمریکی (ترۆمان کابۆت) بووە، هەر لە قۆناغی زانکۆدا، بەشداری چالاکیی رۆشنبیری دەکرد و لەو ماوەیەدا لە چەندین پەخشنامەی خوێندکاراندا دەینووسی، تا دواتر لە گۆڤارێکی تەنز و کۆمێدیی ناو زانکۆ بووە دەستەی نووسەران.

لی کە بەهۆی جەڵتەی دەماغەوە بینایی و هەستی بیستنی لەدەست دا، منداڵییەکی شەرمن و دوورەپەرێز و گۆشەگیر و دوور لە خەڵک ژیا. گۆشەگیری و دوورەپەرێزییەک کە تا ئەوکاتەی لە تەمەنی (89) ساڵیدا لە 2016 کۆچی دوایی کرد، هاوسەرگیری نەکرد.

"نەخێر ئەزیزەکەم، هەرگیز هیچ دیدارێک ناکەم. پێشتر هەر شتێک کە پێویست بووە بیڵێم، گوتوومە"، ئەمە وەڵامی هاربەر لی بوو بۆ میدیاکاری ناوداری ئەمریکی (ئۆپرا وێنفری) کە داوای لێکردبوو لە بەرنامەکەیدا میوان بێت. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ئۆپرا وەک شاکارێک و کارێکی نیشتمانیی مەزن، وەسفی رۆمانەکەی ئەوی کردبوو.

ئەو ژنە نووسەرە کە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا تەواوی کات و تەمەنی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد، یەکێک بووە لەو نووسەرانەی خۆی لە چاوی میدیا و دیدار و دیمانەی رۆژنامەنووسی لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن دەپاراست. سەرەڕای ئەم خۆدوورخستنەوەیەش، رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) کە لە دوای مردنی، بەدواداچوونی لەسەر ژیانی ئەو نووسەرە کردووە، لە زاری (سبنسەر مادری)ی کتێبفرۆشەوە کە هاوشاریی لی بووە دەڵێ: "جیهان ئەندێشەیەکی قووڵ و نووسەرێکی بە توانای لەدەست دا. ئێمە بە بەهرە و سەلیقەکەی، بە راستگۆیی و راشکاوییەکەی، بە دۆزینەوە و گوتنی ئەو راستییانەی کە قەبوڵکردنیان لە جیهاندا ئەستەم بوو، یادی دەکەینەوە و سوپاسگوزارین کە نووسەرێکی وامان ناسی".

## نووسین و وەسوەسەی مەرگ

وەک سەرەتایەکی سادە و دەسپێک بۆ چوونە ناو ئەزموونێکی قووڵتری نووسین، لی لە پەخشنامە و بڵاوکراوەکانی زانکۆوە دەستیپێکرد و کورتە چیرۆکی دەنووسی، بەڵام دواتر و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، تەواوی ژیانی بۆ نووسین تەرخان کرد. نووسینی رۆمانی (چۆلەکەیەکی خۆشخوان بکوژی، یان کوشتنی چۆلەکەیەکی بێتاوان- 1959)، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی ئەو نووسەرەدا کە بەهۆیەوە ناوی دەرکرد و چەندین خەڵاتی وەرگرت، لەوانەش خەڵاتی ئەدەبیی (پۆلیتزەر- 1961). رۆمانێک، لە رێگەیەوە نووسەرەکەی توانی سەرنجی رەخنەگرانی ئەدەب بۆ لای خۆی رابکێشێ.

ئەم سەرکەوتنە بۆ خودی نووسەر مایەی پرسیار بوو، بۆیە پاش بڵاوبوونەوەی رۆمانەکەی دەڵێ: "چاوەڕوانی سەرکەوتنی رۆمانەکەم نەبووم، بە پێچەوانەوە، پێموابوو رۆمانەکە لەسەر دەستی رەخنەگران دەمرێ، مردنێکی خێرا و بەبەزەیی. لەگەڵ ئەوەشدا، هیوادار بووم بە لایەنی کەمەوە کەسێک سەرسام بکات. چونکە سەرسامیی ئەو تاکە خوێنەرە بۆ من بەس بوو، بۆ ئەوەی هانم بدات بەردەوام بم. هیوای کەمم خواست، کەچی زۆرم لێی چنییەوە. بەڕاستی ئەمە شتێکی ترسناک بوو، وەک ئەو مەرگە خێرا و بە بەزەییەی چاوەڕێم دەکرد".

دوای نووسینی ئەم رۆمانە، جگە لە نووسینی کورتەچیرۆک، یان نۆڤلێت لە نموونەی (ماڵئاوایی درێژ) و چەند زنجیرەی کتێبێکی بەڵگەنامەیی بەناوی (بکوژی ئەلاباما) کە هیچکام لەم دوو کارەی تەواو نەکرد، ساڵی 2015 بە چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆمانی دووەمی (برۆ، پاسەوانێک دابنێ) کە زیاتر لە 30 ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا، جارێکی دیکە هاتەوە ناو بەر باس و لەگەڵیشیدا یادەوەریی خوێنەرەکانی لەمەڕ یەکەم رۆمانی خۆی جوڵاند.

جگە لە رۆمانی یەکەم و رۆمانی تەواونەکراوی دووەمی (ماڵئاوایی درێژ) و کتێبی زنجیرەیی نیوەچڵی (بکوژی ئەلاباما)، هاوکاریی هاوڕێ نووسەرەکەی (ترۆمان کابۆت)ی کردووە لە تەواوکردنی کتێبی (بەخوێنێکی ساردەوە) کە لە بارەی کوشتنی جووتیارێک و خێزانەکەی بوو. لی چەند دانە نووسینێکی ناسراوی دیکەشی لەدوا بەجێماون، ئەوانیش: خۆشەویستی بە وشەگەلی تر- 1961، جەژنی لەدایکبوون و لی- 1961، ئەو کاتەی منداڵەکان ئەمریکا دەدۆزنەوە - 1965 . لی، لەپای بەرهەمە ئەدەبییەکانی و داکۆکیکردنی لە ئازادی و دژایەتیکردنی رەگەزپەرستی و کارکردن بۆ قووڵکردنەوەی لێبووردەیی، ساڵی (2007) مەدالیای (ئازادی)ی سەرۆکایەتی ئەمریکای پێبەخشرا.

## نووسینەوەی برین بە مەرەکەبی تەنز

رۆمانی یەکەمی لی کە بەهۆیەوە ناوبانگی دەرکرد و رۆمانەکە بووە ئایکۆنێکی ناو ئەدەبی هاوچەرخی ئەمریکی، بە ناونیشانی جیاواز وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی (کوشتنی چۆلەکەیەکی خۆشخوان)، یان (کوشتنی چۆلەکەیەکی بێتاوان)، یاخود (چۆلەکەیەکی گاڵتەجارِ مەکوژە). رۆمانەکە باسی ئەو نەژادپەرستییە دەکات کە لە ئەمریکا هەبووە، بەتایبەتی رووداوەکانی نێوان ساڵانی 1933 - 1935 لە ویلایەتی ئەلاباما کە لە سەردەمی منداڵیدا بە چاوی خۆی بینیونی.

دەتوانین رۆمانەکە لە دوو بەشدا چڕ بکەینەوە، ئەو بەشەی ژیانی منداڵیی (سکاوت) و براکەی و رووداو و سەربوردە و چیرۆکەکانی ناوی، لەگەڵ ئەو بەشەی پەیوەندی بە (تۆم رۆبنسۆن)ی رەشپێستەوە هەیە کە بە دەستدرێژی بۆ سەر کچێکی تەمەن بیست ساڵ بەناوی (مایلا) تۆمەتبار کراوە. ئەم بەشەیان زۆر ئاڵۆزە، بەتایبەتی کە (ئاتیکوس)ی پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکە و باوکی نووسەر، کە لە ژیانی واقیعی خۆیدا پارێزەر بووە و لەناو رۆمانەکەشدا رۆڵی پارێزەر دەگێڕێ، دەبێتە بریکاری (تۆم) و بەرگریی لێ دەکات. ئەم هەڵوێستەی (ئاتیکۆس) نارەزاییەکی زۆری خەڵکی شارۆچکەکەی لێ دەکەوێتەوە و پێیانوایە ناکرێ پارێزەرێک کە لەناو خەڵکیدا بە کەسایەتییەکی پاک و مافپەروەر ناسراوە، داکۆکی لە رەشپێستێکی تاوانبار بکات.

لە کۆتاییدا و لە میانی لێکۆڵینەوە و وردەکارییەکانی ناو دادگاییەکە و بەڵگەکانەوە، پارێزەرەکە بێتاوانیی (تۆم)ی رەشپێست دەسەلمێنێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دادگا بە ساڵانێکی درێژی بەندکردن سزای بەسەردا دەسەپێنێ. دوای مانەوەی لە زیندان و لە یەکێک لە شەوەکاندا، کاتێ هەوڵی راکردن دەدا، دەکوژرێ.

بەهەرحاڵ، دەکرێ ئامۆژگارییەکی (ئاتیکۆس فینش)ی باوکی نووسەر کە پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکەیە بۆ (سکاوت)ی کچی، زۆر کۆد و نهێنیمان لەبارەی ناواخنی رۆمانەکە و بەتایبەتی بەشی دووەم و پەیامی نووسەر لەبارەی سروشتی مرۆیی و بڕیاردان لەسەر ئەوانی دیکە، بۆ بکاتەوە، کاتێ دەڵێ: "کچەکەم، تۆ هەرگیز لە کەسێک ناگەیت، تا لە روانگەی ئەوەوە لە شتەکان نەڕوانیت.. واتە تا ئەوکاتەی پێستی ئەو دەکەیتە بەرت".

لی، رۆمانەکەی وەک دەربڕینێکی ئەدەبیی قووڵ کردە دەروازە و ئامراز بۆ گوزارشتکردن لە ئەدگار و ناوەڕۆکی رەگەزپەرستی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا کۆمەڵگای ئەمریکی تەنییەوە. خوێنەری ورد و وریا لە میانی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا، لە پەنا تێگەیشتنی لە تەوەری سەرەکیی رۆمانەکە، کە دیاردەی رەگەزپەرستی لە دژی رەشپێستەکانە لە ئەمریکا، هاوکات لە زمانی کچێکی منداڵەوە بەناوی (سکاوت) و ئەو چیرۆکە کۆمیدی و گاڵتەجارانەی دەیانگێڕێتەوە، پەی بە تەوەرێکی دیکەی گرنگی ناو رۆمانەکە دەبات، ئەویش دونیای منداڵییە. منداڵی بە هەموو مانا جوانەکانی خۆی، بە بەرائەتەکەی، سادەییەکەی، یارییەکانی، بە چیرۆکە تاڵ و شیرینەکانی ناوی.

نووسەر لە رۆمانەکەیدا ئەو رووداوانە دەنووسێتەوە کە بەچاوی خۆی و لە تەمەنی 10 ساڵیدا لە شارەکەی خۆی بینیونی، دەتوانین بڵێین ژیانی نووسەر و پەیوەندییەکانی، ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی و دەوروبەری، کەرەستەی سەرەکیی رۆمانەکەین. ئەو دێت هەموو ئەو گرتە و دیمەن و بیرەوەری و رووداوانە، هەموو ئەو سووڕی ژیانە کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییەکانی، تەنانەت بابەتە جددی و قووڵەکان، رووداوی دادگاکانی تاوان و رەگەزپەرستی، بە زمانێکی نزیک لە تەنز و ساتیر، دەکاتە شاکارێکی ئەدەبی.

جگە لە زمانی نووسین و تەکنیکی سەرکەوتووی گێڕانەوە، لی کاری لەسەر وردەکارییەکانی (بێتاوانی، سەرگەردانی و ونبوون، بوێری و لێبووردەیی) کردووە، بۆیە دواجار لەسەر داوای بەشێک لە ئەکادیمیانی بواری پەروەردە، وەک هاندەر و رێنیشاندەرێکی خوێندکاران لەسەر گیانی لێبووردەیی و رەتکردنەوەی رق و کینە و رەگەزپەرستی، خرایە نێو میتۆدی خوێندنی قوتابخانەوە.

زۆر لە رەخنەگران پێیانوایە رۆمانەکەی لی بایۆگرافیی نووسەر خۆیەتی، یان بەلایەنی کەمەوە بەشێکی زۆری رۆمانەکە بە رووداو و گرتە و دیمەنەکانی، هەڵێنجراوی ژیانی ئەون، بەڵام لی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ شتێکی ژیانی ئەو لەناو رۆمانەکەدا نییە و دەڵێ: "ژیاننامەی خۆمم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو هەوڵم داوە نموونەیەک بخەمەڕوو لەوەی کە چۆن نووسەر دەتوانێ لەبارەی ئەو شتەی دەیزانێ، بنووسێت".

ئەو رۆمانەی لی کە تا ئێستا زیاتر لە 40 چل ملیۆن دانەی لە سەرتاسەری جیهاندا لێ فرۆشراوە، وێڕای خەڵاتی ئەدەبیی (پۆلیتزەر) بە هەمان ناوی خۆیەوە کراوەتە فیلمێکی سینەمایی و سێ خەڵاتی ئۆسکاری بردووەتەوە.

**"ژیاننامەی خۆمم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو هەوڵم داوە نموونەیەک بخەمەڕوو لەوەی کە چۆن نووسەر دەتوانێ لەبارەی ئەو شتەی دەیزانێ، بنووسێت"**

نووری بێخاڵی



---

# "شیری مو

سەنگەر زراری



لێبووردەیی، پەیوەندی بە بوون و نەبوونی "هۆشیاریی لێبووردەیی"یەوە هەیە، مرۆڤ بوونەوەرێک نییە لە بنەمادا و بەڕەهایی لێبووردە و چاکەخواز بێت، وەکو چۆن بوونەوەرێکی شەڕخواز و ئاژاوەگێڕیش نییە، ئەوە کۆمەڵگایە ئەو رۆڵەی پێ دەبەخشێت کە بەکام ئاراستەدا بکەوێت. هۆکار زۆرن بۆ بوون و نەبوونی لێبووردەیی، یان نەمانی لێبووردەیی لە قۆناغێکی دیاریکراودا، یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی رێخۆشکەرن بۆ لەناوچوونی بیر و هۆشیاریی لێبووردەیی، جیاوازییە. هەر خۆی لە بنەڕەتدا جیاوازی بنەمای لێبووردەییشە، چونکە ئەگەر هەموو کەسێک و هەموو شتێک وەکو یەک بن و تەبا بن، هیچ ململانێیەک دروست نابێت و بەمەش لێبووردەیی نایەتە بەرباسان، دیارترین جیاوازییش کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەبێت و بتوانین بیکەینە پێوانە بۆ بوون و نەبوونی لێبووردەیی لە کۆمەڵگاکاندا، جیاوازیی ئاینی و رەگەزی و نەتەوەییە، واتا ئەوکاتە لێبووردەیی بەدیاردە کەوێ و بەهای دەبێت کە مرۆڤەکان بەرامبەر کەسانێکی سەر بە ئایین و نەتەوەی دیکە لێبووردە بن و بە چاوێکی یەکسان و مرۆڤانە سەیری بکەن، نەک بەچاوێکی کەمتر و دوژمنکارانە.

رۆمانی (شیری مووسا)*، ئەگەرچی بە پلەی یەکەم رۆمانێکی مێژووییە، بەڵام

---

# مێژووی

حەمە مەنتک



زۆر بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان هەوڵی توێژینەوە لە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مێژوو دەدەن. بۆ نموونە مێژوو، ئەنترۆپۆلۆجیا و کۆمەڵناسی، ئەمانە لە هەوڵدان پێوەندیی نێوان مرۆڤ لەلایەک و سیستەم و پێکهاتەی مێژوویی و رۆشنبیری لەلایەکی دیکەوە راڤە بکەن. رۆمانیش وەکو ژانرێکی ئەدەبی کە گێڕانەوە تایبەتمەندیی سەرەکییەتی، دەتوانێ ئەو رۆڵە ببینێت. رۆمانیش دەتوانێ پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مێژوو دەربخات. من لەم توێژینەوەیەدا دەمەوێ چۆنیەتی مامەڵەکردنی رۆماننووس (سابیر رەشید) لەگەڵ مێژوو لە رۆمانی (شیری مووسا)دا دەربخەم. ئایا بۆ گێڕانەوەی مێژووی جووەکانی هەولێر، چۆن سوودی لە مێژوو وەرگرتووە؟ ئایا توانیویەتی رۆمانێکی مێژوویی بنووسێت؟

سەرلەهەوەڵ دەبێ بزانین رۆمانی مێژوویی چییە؟ رۆمانی مێژوویی وەکو جۆرێک لە رۆمان بونیادێکی مێژوویی هەیە. واتە هەوڵێکە بۆ سەرلەنوێ هێنانەگۆڕێی کەسایەتی و رووداوی مێژوویی، بەڵام لە چوارچێوەی رۆماندا. هەرچەندە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە "رۆماننووس ناتوانێت لە ئافراندنەوەی مێژووەدا سەرکەوتوو بێت ئەگەر خودی واقیعە مێژووییەکە بەباشی نەزانێت". [ئەحمەدزادە، 2012، ل 307] ، بەمەیش رۆماننووس دەبێت ئەو قۆناغە مێژووییەی دەیەوێ بە رۆمان بیگێڕێتەوە، تەواو شارەزای بێت، ئەگەر خۆیشی تێیدا نەژیابوو، دەبێ بە دەیان کتێب و سەرچاوەی لەبارەوە خوێندبێتەوە. ئەمە واتای ئەوە نییە، رۆماننووس مێژوومان وەکو خۆی بۆ بنووسێتەوە، نەخێر، چونکە بابەتی

# ...ووسا“ و شەقکردنی هۆشیاریی لێبووردەیی

تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکە، بوون و نەبوونی هۆشیاریی لێبووردەیی لە ساڵانی کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی شاری هەولێر، لە نێوان ئەو ئایینە جیاوازانە بەدیار دەخات کە لە کوردستان هەبوون، بەتایبەتیش کە ئەوکات جووەکان هێشتا لە کوردستان بوون و کۆچیان نەکردبوو بۆ ئیسرائیل. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، زیاتر لە روانگەی ژیان و گوزەرانی جوولەکەیەکی ئەوکاتەوە دەخرێتە بەرباس کە گەڕاوەتەوە کوردستان و یادەوەرییەکانی باس دەکات.

لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا ئەوە تێدەگەین کە بیری لێبووردەیی لەناو خەڵکی ڕەشۆک و سادە، هەردەم هەبووە، یان بەلایەنی کەم زەمینەی پەرەپێدانی هۆشیاریی لێبووردەیی لەئارادا بووە، ئەگەر دەسەڵات و دەسەڵاتداران ڕێگایان دابێت و لێگەڕابن خەڵک بە ئاسوودەیی و بێ کێشە لەگەڵ یەکتردا بژین و تەفرەقەیان نەخستبێتە نێوانیان.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەوە دەستپێدەکات کە دوو کورد بە ڕێکەوت لە خواردنگەیەکی عەممانی پایتەختی ئوردن جوویەکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی کوردستان دەبینن بەناوی (ئیساق موشێ)، پێشتر بنەماڵەکەی ئیسحاق لە شەقڵاوە و لە هەولێر ژیاوە، یەکێک لەو دوو کوردە، نووسەر و ڕۆماننووسە و دیارە لێرەدا مامۆستا (عەبدوڵڵا سەڕاج)ی ڕۆماننووس وەکو کارەکتەری ڕۆماننووسەکە بەرجەستە کراوە، ئەوی دیکەش (بێستوون سەرەتان)ـە کە وەکو بازرگانێک بەدیار دەکەوێ و دەشێ ئەویش کەسێکی ڕاستەقینە بێت. لەمیانەی دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ ئەم کوردە جووە، ڕۆمانەکە لەدایک دەبێت، کوردە جووەکە باسی ئەوە دەکات کە ئەوان بە بنەچە خەڵکی شەقڵاوەن و دواتریش دوای ئەوەی لەگەڵ ئاغاکانی ئەوکاتی شەقڵاوە تووشی کێشە دەبن، دێنە هەولێر و تا بۆ ئیسرائیل رادەگوێزرێن لە هەولێر دەمێننەوە.

کوردە جووەکە باسی ئەوە دەکات کە ئەوان لە شەقڵاوە ژیاون و لەگەڵ پێکهاتە ئاینییەکانی دیکە جیاواز نەبوون و هیچ کێشەیەکیان نەبووە، بەڵکو بەئاسوودەیی لەگەڵ یەکتر ژیاون: ”ئێمە لە هەموو جیرانەکان زیاتر لەگەڵ خێزانی حاجی ساڵح ملخوار و خێزانی مام مەنسووری دیان هاموشۆی یەکترمان دەکرد..ل 15“. واتا موسوڵمانێک و جوویەک و دیانێک بەیەکەوە دراوسێ بوونە و لەگەڵ یەکتر زۆر تەبا بوونە، ئەمە ئاماژەیە بۆ هۆشیارییەکی لێبووردەیی خۆڕسک کە لە ناخی ئەم کۆمەڵگایەدا هەبووە، بۆیە لە کاتی لێقەومانیشدا بێ گوێدانە جیاوازیی ئاینی و نەتەوەیی، پشتی یەکتریان گرتووە، ئەوەتا لە شوێنێک کە هەڵدەکوتنە سەر بنەماڵەی ئیسحاق و دەیانەوێ مامی بکوژن، پێکهاتەی هەموو ئاینەکان بەرگریی لێ دەکەن و پێکهاتەی سەر بە هەر ئاینێکیش، کتێبە پیرۆزەکەی خۆی (قورئان، ئینجیل، تەورات) بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم کوشتنە ڕوونەدات ”بەربەرستی داکۆکیکاران تەنیا کتابەکانی (خوا) یان پێبوو، کەسانی شەڕانگێز نەبوون...ل 48“. یەکێک لە کاراکتەرەکان دەڵێت: ”هەموو دینەکان لە یەک سەرچاوەوە هاتوون، بۆ ئەوەش هاتوون تا مرۆڤ لەناو دادپەروەری و خراپە دوور بخەنەوە و ڕێی ڕاست و دروست نیشانی مرۆڤ بدەن...ل 52“.

دیارە ئەو لێبووردەییەی باس دەکرێت، لەناو خەڵکی ئاساییدایە، بەڵام دەسەڵات و ئاغا و بەگەکانی ئەوکات، هێز و توانای خۆیان لەوەدا دەدیتەوە کە کەسانی سەر بەم ئاینانە بەبێ کێشە لەگەڵ یەکتر نەژین و دژایەتی لە نێوانیاندا هەبێت. هەڵبەت شەهامەت و مرۆڤبوونیش ئەوکاتە بەدیار دەکەوێت کە مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەر خراپەیەکدا هەیە و خراپەکە نەکات، یان لەجیاتی خراپە چاکە دەکات، وەکو ڕۆماننووسی ناوداری ئیتاڵی ئەلبێرتۆ مۆرافیا (1990-1907) دەڵێت: ”ئەگەر دەتەوێ ئەخلاقی کەسێک بناسی، دەسەڵاتی پێبدە، ئینجا بزانە چۆن هەڵسوکەوت دەکات“. کەواتە بەگوێرەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکە، ئاستی دەروون و کەسایەتی ئەو مرۆڤە بەدیار دەکەوێت، دیارە لەناو کەسانی دەستڕۆیشتووش، خەڵکی لێبووردە هەن، ئەمان ئەو جۆرە کەسانەن کە خاوەنی دەروونێکی پاکن، یان وەکو سەرکردەی ناوداری هیندی، جەواهێر لال نەهرۆ (1964-1889) کە نووسەرێکی دیاریش بوو، دەیگوت: ”تەنیا نەفسبەرزەکان دەزانن چۆن لێبووردە بن“. بەڵام ئەو دەسەڵاتدارانەی لەم ڕۆمانەدا باس دەکرێن، ئەوانەن کە هەوڵەکانیان دەخستەگەڕ بۆ ئەوەی کێشە و دووبەرەکی لە نێوان خەڵکدا هەبێت و تاڕادەیەکیش لەوەدا سەرکەوتوو بوون، چونکە وەکو گوتمان هۆشیاریی لێبووردەیی قابیلی گۆڕان و دەستکاریکردنە، لەم ڕۆمانەدا دیارترین نموونە ئەوەیە کە کەسانی دەستڕۆیشتوو وایان لە خەڵکی ئاسایی گەیاندووە، حەزرەتی مووسا (شێر)ێکی پێبووە، (کە من پێم باش بوو وشەی شمشێر بەکارهێنرابا، چونکە دەلالەتەکانی ڕوونترن)، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕوونە حەزرەتی مووسا گۆچانێکی هەبووە و بەهۆیەوە ڕووباری نیلی شەق کردووە و لە فیرعەون ڕزگاری بووە نەک شمشێر. لێرەشدا (شێر) و (گۆچان) وەکو دوو سیمبولی تەواو جیاواز و دژبەیەک دەردەکەون، شێر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نیشانەی ئارەزووی شەڕە، لەکاتێکدا گۆچان ئاماژەی پشتپێبەستن و یارمەتیدان و تاڕادەیەکیش تەمەن و حیکمەتە، بەڵام ئەوەی بەسەر نائاگایی کۆمەڵگادا زاڵ بووە، (شێر) و ئاماژە خراپەکانیەتی، نەک (گۆچان) و ئاماژە باشەکانی.

ڕۆمانەکە زیاد لە پێویست مێژووییە، یان بە جۆرێکە وەکو ئەوەی چیرۆکێکی ڕاستەقینە گێڕدرابێتەوە




ئیسحاق لە تەمەنێکی بچووکەوە کوردستانی جێهێشتووە، وەکو ئەوەی گیانی لێبووردەییە خۆڕسکەکە هێشتا لە نائاگایی ئەودا مابێتەوە، بۆیە هێشتا هیوا لەدەست نادات و سۆزێکی بۆ بنەچە نەتەوەییەکەی ماوە: ”بەڵکو ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزرەتی مووسا پێغەمبەر بێتە خەونمەوە و ئەم شیرەم بۆ بدۆزێتەوە کە من هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێم، یا دێ و لە خەونێکمدا گۆچانەکەی خۆی دەداتە من و بتوانم ئەو دەریایەی دێتە پێش ئاواتەکانم، بە گۆچانەکەی ئەو، شەقی بکەم و میللەتی کوردی ستەمدیدە ڕزگار بکەم...ل 181“.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا جێی تێبینییە، ئەوەیە کە ڕۆمانەکە زیاد لە پێویست مێژووییە، یان بە جۆرێکە وەکو ئەوەی چیرۆکێکی ڕاستەقینە گێڕدرابێتەوە. لە نووسینەوەی ڕۆمانی مێژووییدا، یەکێک لەو خاڵانەی گرنگە ئەوەیە کە مێژوو تەوزیف دەکرێت، بەڵام دەبێ شەقڵ و سیمای ڕۆمانی پێوە دیار بێت و خوێنەر لای ڕوون بێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە ڕۆمانە نەک مێژوو. لەم ڕۆمانەدا تاڕادەیەکی زۆر خوێنەر هەست بەوە دەکات کە دەقێکی مێژوویی دەخوێنێتەوە و کەمتر ڕۆمان، چونکە ڕۆماننووس هەوڵێکی جددی نەداوە بۆ دروستکردنی سیمبول و بەکارهێنانی خەیاڵ وەک دوو ڕەگەزی گرنگی جیاکەرەوەی ڕۆمان لە مێژوو. ئەوەشی کە وەکو سیمبول و بەکارهێنانی خەیاڵ و فەنتازیا بەدیارکەوتوون، دەتوانم بڵێم تاڕادەیەکی زۆر خۆڕسکە و لەمیانەی ڕووداوە واقعییەکەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم جۆرە زاڵبوونە ریالیستییانەی ڕووداو و کەسایەتییەکان (کە کەسایەتییەکانیش زۆربەیان ڕاستەقینەن و ڕەنگە هەندێکیان تەنیا ناوەکانیان گۆڕابێت)، چێژی ڕۆمانەکەی وەکو دەقێکی ئەدەبی کەم کردووەتەوە. تەنانەت لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا، وەکو لێکۆڵینەوەی مێژوویی سەرچاوە و پەراوێزیش بەکارهێنراوە کە بە بۆچوونی من ئەمە بۆ لێکۆڵینەوە دروستە، بەڵام ڕۆمان دەبێ بە جۆرێکی دیکە سەرچاوە مێژووییەکان تەوزیف بکات و بیانخاتە ژێر هەژموونی گێڕانەوەی ئەدەبی، نەک بە پێچەوانەوە. هەروەها یەکێک لەو ڕەگەزە گرنگانەی لەم ڕۆمانەدا کاڵ و لاوازە، نەبوونی وەسفە، هەم وەسفی کەسایەتییەکان و هەم وەسفی شوێنەکان، ڕاستە ناوی کەسایەتی و شوێنەکان دەهێنرێن، بەڵام زۆر کەم وەسفی تێدایە، ئەمەش زیاتر بەلایەنە مێژووییەکەیدا دەیشکێنێتەوە.

*** شێری مووسا (ڕۆمان)- سابیر ڕەشید، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپی یەکەم (2017)**

# شێرەکەی مووسا

مێژوو واقیعە، بەڵام واقیعی ڕۆمان لە بنەڕەتدا خەیاڵە. کەواتە ڕۆمانی مێژوویی بەریەککەوتنی واقیعە لەڕێی خەیاڵەوە. بە بڕوای (جیرار جینێت) هەردوو ڕەگەزی (واقیع/ خەیاڵ) بونیادی هەموو مێژوو و ڕۆمانێکن، چونکە هەریەکەیان دەیەوێ گوزارشت لە ڕووداو و مرۆڤ بکات. کەواتە ڕۆمانی مێژوویی دیسان هێنانەگۆڕێی مێژووە، بەڵام وەکو کتێبێکی مێژوویی نا. بە بڕوای (جۆرج لۆکاش) ڕۆمانی مێژوویی ”ڕۆمانێکی مێژوویی حەقیقیە، واتە ڕۆمانێکە لە ئێستا دەدوێ، لە ئێستادا دەژی، بەوەی رابردوویان مێژوویەک بووە بۆ خود“. [لوکاش، 1978، ص89]

ڕۆمانی (شێری مووسا) ڕۆمانێکە دەیەوێ مێژووی جوومان لە شاری هەولێر بۆ بگێڕێتەوە. ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی، یان گێڕانەوەی مێژووی خەڵکانێک کە سەردەمانێک چینێکی کاریگەر و دانەبڕاوی شاری هەولێر بوونە. لێرەدا دەبێ بپرسم ڕۆماننووس تا چەند توانیویەتی ڕۆمانێکی مێژووییمان پێشکەش بکات؟ ئەو تەکنیکانە چین کە لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتوون؟ ئایا لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست دەکەین ڕۆمان دەخوێنینەوە، یان دەقێکی مێژوویی؟ من نامەوێ ڕووداو و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بگێڕمەوە، ئەوە کاری ڕەخنەگر نییە. کۆمەڵێ تەکنیک و لایەنی هونەری لەم ڕۆمانەدا هەن، جێی سەرنجن. یەکێک لە تەکنیکەکان ئەوەیە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هەست دەکات، هەم ڕۆمان دەخوێنێتەوە، هەمیش توێژینەوەیەک لەبارەی ڕۆمانەوە. سەرەتای ڕۆمانەکە ناونیشانی (یەکترناسین)ی هەیە. ڕاستە لەوێ باسی یەکترناسینی (عەبدوڵڵا سەڕاج)ی ڕۆماننووس و (بێستوون)ی هاوڕێی لەگەڵ (ئیسحاق)ی کارەکتەر و وەگێڕ دەکات، بەڵام لەودیو ڕستەکانەوە ئەمە هەوڵێکە بۆ یەکترناسینی خوێنەر لەگەڵ کۆی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە. ”ئەو شەوەی من -عەبدوڵڵا سەڕاج-ی ڕۆماننووس، واتە نووسەری ئەم ڕۆمانە و بێستوون.. پێکەوە لە عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردن بۆ کات بەسەربردن سەرمان بە یانەیەکی شەوانەدا کرد، ناوی یانەکە هەستی بەرزەفڕ بوو.)) [ڕەشید، 2017، ل 5] ئەمە یەکترناسینی نێوان خوێنەر و کارەکتەرەکانە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

چەند دیمەنێک هەن وەگێڕ لە ڕۆمانەکەدا چەند جارێک پاتەیان دەکاتەوە. ئەم ڕووداو و دیمەنانە بەردەوام بۆ بەبیرهێنانەوەی خوێنەرە. بۆ نموونە ئەو ڕستەیەی لەناو کوردەواریدا باوە، کاتێک کەسێک بە کەسێکی دیکە دەڵێت: دەڵێی جوولەکەی. مەبەستی ئەوەیە هێندە ترسنۆکیت وەکو جوولەکەکانیت. خوێنەر لەناو ڕۆمانەکەدا چەندین جار بەر ئەم ڕستەیە دەکەوێت. ئەمە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی عەقڵیەتی تاکی کورد بەرانبەر ئایین و نەتەوەیەکی دیکە لەو سەردەمەدا. ئەم تەکنیکە (جیرار جینێت) لە کتێبی (گوتاری چیرۆک)دا بە وردی کاری لەسەر دەکات. ئەم ڕستانە کە لە فۆرم و شێوەی جوایەز لە ڕۆمان، یان چیرۆکدا پاتە دەبنەوە، گرینگی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. هاوکات ئەو ڕستەیەی (ئیسحاق) دەڵێت: ”کورد هەمیشە دەڵێن: جووەکان بە دوای شێری مووسادا دەگەڕێن، بەڵام لەڕاستیدا عەساکەی مووسایە، چونکە کاتی خۆی مووسا شێری نەبووە، بەڵکو عەسای هەبووە“. ئەمە یەکێکە لەو تەکنیکانەی لەم ڕۆمانەدا زۆر هونەریانە کاری لەبارەوە کراوە. ئەم ڕستە پاتەبووانە شادەماری ڕۆمانەکە پێکدەهێنن، چونکە لە بنەڕەتدا جووەکان بۆیە هیچ هەڵوێستیان بەرانبەر ئەو ستەمانەی لێیان کراوە نەبووە، ئامانجیان خۆپاراستن و پاراستنی ئایینەکەیان بووە. هاوکات گەڕان بە دوای شێری مووسا، یان عەسای مووسا هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی فریادڕەسێکی وەکو حەزرەتی مووسا تاکو لە دەست فیرعەونەکانی زەمانە ڕزگاریان بکات.

یەکێکی دیکە لەو تەکنیکانە ئەوەیە، وەکو ئاماژەم بۆ کرد، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هەست دەکات هاوکات توێژینەوەیەک لەبارەی ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە. بەتایبەتی بۆ ناسینی وەگێڕەکانی ڕۆمانەکە. هەر بەشێک بۆ چەند پارێک دابەش کراوە، لە سەرەتای هەر پارێک ڕۆماننووس پێمان دەڵێت: لێرەدا وەگێڕ کێیە. بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا دوای یەکترناسین، ڕۆماننووس دەنووسێت: گێڕانەوە لە گۆشەنیگای ئیسحاقدا، یان فلاش باکەکانی ئیسحاق. ئەمە لە فۆرمی توێژینەوەدا خۆی دەردەخات، چونکە خوێنەر لێرەدا ماندوو نابێت، یەکسەر دەزانێت وەگێڕی ڕووداوەکانی ئەم بەشە کێیە. ئەم گەمەکردنە لەگەڵ خوێنەر هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ناو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە. بەردەوام گێڕانەوەکە ئەودەست و ئەودەست دەکات. هاوکات ڕۆمانەکە بەرەو ڕۆمانێکی فرەدەنگ دەبات. کەواتە فرەوەگێڕیمان دەبێت. بۆ گێڕانەوە پشت بە یەک کەس نابەسترێت. لە زۆر شوێن وەگێڕی هەمووشتزان دێتە ناوەوە، پاشان کارەکتەر ڕەوتی گێڕانەوە لەدەست دەگرێت. تەنانەت بۆ بەشی سێیەم هێندێ زانیاری لەبارەی جووەکان لە عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی لە سەرچاوە و کتێبە مێژوویی و یادەوەرییەکانەوە وەرگیراوە، ڕۆماننووس ئاماژەی بۆ کردوون و لە کۆتایی بەشەکەدا ناوی سەرچاوەکانی نووسیون. من ئەوە بە جۆرێک لە تەکنیک دادەنێم، بەڵام هاوکات دەبێتە ئاریشەیەک بۆ ڕۆمانەکە. بەگشتی کاتێک ڕۆماننووسێک دەیەوێت سوود لە کەرەسەی مێژوو بۆ نووسینی ڕۆمان وەربگرێت، دەبێت ئەو کەرەسانە لە قاڵبی مێژوو بباتە دەرەوە. دەمەوێ بڵێم فەزای دەقی ڕۆمان لە فەزای دەقی مێژوویی جودایە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا ئاریشەیە، بێ هێزیی هونەری خەیاڵ و گێڕانەوەیە. واقیعە مێژووییەکە بۆ ڕۆمانەکە زۆر باشن، بەڵام گێڕانەوەکە هێند واقیعیانەیە، کەمتر هەست بە فەزای ڕۆمان دەکەین. هەرچەندە لە شۆڕبوونەوە بەناو دەروونی کارەکتەرەکاندا، بەتایبەتی (ئیسحاق)ی وەگێڕ و کارەکتەر زۆر هونەریانە کاری لەبارەوە کراوە. دەمەوێ بڵێم گێڕانەوەی ڕۆمانەکە هێشتا سێبەری گێڕانەوەی ڕۆمانی ساڵی حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردووی بەسەردا زاڵە. ڕاستە ئەمەی دەیگێڕێتەوە مێژووە، بەڵام تەنێ وەکو کەرەسە مێژووە، لە فۆرمدا ڕۆمانە. هەر ئەمەیشە ئاریشەی بۆ فرەیی کارەکتەرەکان دروست کردووە. ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی فرەدەنگە، کەواتە کارەکتەرەکان لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان ئازادن و ڕێیان پێ دەدرێت بە ئازادانە چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە. ئەوەی فەزای ڕۆمانی لەم ڕۆمانەدا کاڵ کردووەتەوە، نەبوونی تایبەتمەندی کارەکتەرەکانە چ لە ئاخاوتن، چ لە ژیانی ڕۆژانەیان. هەموو کارەکتەرەکان یەک فۆرم ئاخاوتنیان هەیە. من هیچ جوایەزییەکم لەنێوان ئاخاوتنی (مام موشێ) و (حاجی مەلا ساڵح)دا نەکرد. هەردووکیان بە یەک شێوە دەپەیڤن. نەبوونی تایبەتمەندیی ئاخاوتن و شێوەی ژیان وا دەکات فەزای ڕۆمان لەم دەقەدا کاڵتر بکاتەوە. زۆر ئێستاتیکیتر دەبوو (مام موشێ) وەکو جوویەک لە ئاخاوتنیدا تایبەتمەندیی ئاخاوتنی جووەکانی هەبا. چۆن ئێستا ئەگەر لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرێکی تورکمانی هەولێرمان هەبووایە، نەدەکرا تورکمانەکە کاتێک بە کوردی دەپەیڤێ وەکو کوردێکی هەولێر قسە بکات. ئەمەی دەیڵێم تایبەتمەندی ڕۆمانی فرەدەنگە، بۆیەش دەبووایە ئەم ڕۆمانە هەر کارەکتەرە و تایبەتمەندی ئاخاوتن و شێوازی ژیانی دیار بووایە.

لە زۆر شوێن و دەقدا زۆر جار بەر هەڵەی گێڕانەوە دەکەوم. مەبەست لە هەڵەی گێڕانەوە ئەوەیە دیمەنێک نیشان بدەیت، لەگەڵ ئەو کات و لەگەڵ لۆژیک نەگونجێت. ئەمەم تەنێ لە هێندێ دەقی ڕۆمانی کوردی نا، بەڵکو لە دەقی ڕۆمانی جیهانیشدا دۆزیوەتەوە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (بەفر)ی (ئۆرهان پامۆک)دا باسی دیمەنی دانیشتنی (کا)ی کارەکتەر و خۆشەویستەکەی لە چایخانەیەک دەکات. سەیری تەلەفزیۆنێک دەکەن، لەوێدا دەڵێت: تەلەفزیۆنێکی ڕەش و سپییە. چەند لاپەڕەیەک دواتر باسی ڕەنگی جلی ئەو کەسانە دەکات کە لەناو تەلەفزیۆنەکەدا نیشان دەدرێن. باشە، ئەگەر تەلەفزیۆن ڕەش و سپی بێت، چۆن ڕەنگ نیشان دەدرێت؟! لە ڕۆمانی (شێری مووسا)شدا دوو هەڵەی گێڕانەوە هەن: ”ئیتر پیاوانی ئاغا دەمانچەکەی دەستی دەسڕنەوە و دەیخەنە ناو دەستی یونە و ئەوناوە جێدەهێڵن و بە نێردراوێکدا لە ڕووداوێکی ناو باخچە پۆلیس دەگەیەنن. پۆلیسیش دێ وێنەی ڕووداوەکە دەگرێ و دەمانچەکە دەخەنە ناو نایلۆنێکەوە و هەردوو جەستەکە دەگوازنەوە نەخۆشخانە“. [ڕەشید، 2017، ل21]

ئەوەی تێبینی دەکرێت، وێنەگرتنی پۆلیسە لە ڕووداوەکە. بڕوا ناکەم لە ساڵی سی و چلی سەدەی ڕابردوودا لە قەزایەکی وەکو شەقڵاوە (نازانم ئەوکات قەزا بووە یان نا) پۆلیس هێندە پێشکەوتوو بووبێت، وێنەی ڕووداوەکانی گرتبێت! ڕەنگە هەر کامێرایش ئەوکات بەو شێوەیە پێشکەوتوو نەبووبێت ئاوا هەڵبگیرێت. ئەمە قەناعەت لە کن خوێنەر دروست ناکات. ڕەنگە کەسێک بپرسێت: جا ئەوە ڕۆمانە، نەک کتێبێکی مێژوویی. ئەمە ڕاستە بەڵام ڕووداو و کات و سەردەم پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. ”ئێستاکەش کە تەماشای ئەم ئاسمانە شین و جوانە پڕ لە ئەستێرانە دەکەم هەر بە دوایدا وێڵم“. [ڕەشید، 2017، ل130] ئەمەیش دیمەنی نووستنی (ئیسحاق)ە لەسەر کۆنە خانووی خۆیان، وەسفی ئاسمانمان لە شەودا بۆ دەکات، بەڵام هەرگیز لە شەودا ئاسمان شین نییە، بەڵکو ڕەشە و پڕ لە ئەستێرەیە. تەنێ ئەو کاتانە ئاسمان شینە کە ڕۆژ بێت و ئاسمان هەور داینەپۆشیبێت. ئەم هەڵانە کە بە هەڵەی گێڕانەوەیان دادەنێم، کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر بکەن.

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هەست دەکات هاوکات توێژینەوەیەک لەبارەی ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

1. ئەحمەدزادە (د.هاشم)، 2002، زمان و ئەدەب و ناسنامە، دەزگای ئاراس، هەولێر.
2. ڕەشید (سابیر)، 2017، شێری مووسا، ڕۆمان، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.
3. لوکاتش (جورج)، 1978 ، الرواية التاريخية، ترجمة: د.صالح جواد الكاظم، منشورات وزارة الثقافة والفنون، العراق.

کەریم دەشتی



# من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم



1
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
تا دێ منالّیم وەکو ئەسپەشێ
دوور دەبێتەوە و بە تاو ڕادەکا
سایەدم کە زێی یادەوەرییەکان
وەک ڕەشەبایێ لە من هەڵدەکا
ئێستە نا ئێستا ڕێژنەیێ دێت و
بەسەر برینی منا دادەکا

2
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
ئێستاکەش هەروا بۆنی خاک و خۆڵ
دەمباتەوە بۆ دڵۆپەی باران
ئێستاش شەونمی دەم بیرە ئاوە تاڵ و سوێرەکان
لەسەر پەلکی ڕۆحم ماوە
ئێستاش پشکۆی ناو ناندینی کابانەکان
لەسینەم دەبریسکێتەوە
خرنووک ناولەپی ڕەش کردووم
گۆماوەکان ڕوخساریان پڕ لە بارکردووم
پەنجەکانم هوڕە فێری سەمای کردوون

3
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
دەمم تامی شیری گەرم و خاوی لێدێ
دڵم پڕ بووە لە حەسرەتی بەفر
خوێنم ڕەنگی خەرمانەکانی گرتووە

4
لەوەتەی هەم خەون بە شاخەکانەوە دەبینم
لە دوورەوە بانگی کاژەکان دەکەم
هەمیشە بۆ ڕەوەی مامزان رادەکەم

5
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
دەزانم کەی هەور دێ و کەی با هەڵدەکا
کەی باران دێ و کەی دادەکا
کەی بروسک حەویقی ئاسمان شەق
دەکا
دەزانم کەی دوا ئەستێرە دادەڕژێ
کەی گوڵەگەنم پڕ شیر دەبێ
کەی باقە گیا سەما دەکا

6
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
لای کێڵگەکان مەلم دیوە
دەمی لەناو دەمی مەعشوقی خۆی ناوە
بە ڕەوە ئاسکم بینیوە خەمگینانە
سەریان لە ناو باڵیان دەناو
دەگەڕانەوە کوێستانان
جار جار ئاوڕیان لە تەرمی جێماوی خۆیان
دەداوە
زەریم دیوە
ڕوخساری خۆی بە حاجیلە هەڵگرتووە
دەستی لە خەنەی خاک ناوە
چاوی بە ڕێحانەی رەشی بەستە ئاوەکان رشتووە

7
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
دایکم هەمیشە بوخچەی جلەکانمی
پڕ لە پەلکە لیمۆ دەکرد
ئێستاش بۆنی پەلکی لیمۆ
شیرازم بیر دێنێتەوە و مەستم
دەکا
ئێوارانیش کاتێ کەوا دەچوومەوە
لەبەر بیرە ئاوەکەی دێ ڕووت و قووتیان
دەکردمەوە

8
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
دەزانم چەند جۆرە ئاگر هەیە
کام ئاوازو کام نەی هەیە
چەند عاشق و مەعشوق هەیە
هەموو قەتێکان دەناسم
لانەی هەر هەموو مەلەکان پێدەزانم

9
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
چەند هاوڕێیەکی مەڕ و
چەند گۆمیلکەیێ لە ئاو و
سێ چوار درەختێ لە سامالّم هەبوو
ژیان بریتی بوو لە چەند شکارتەیێ
چەند میلێ لە ئاسمان
چەند ورشەیێ لە شنەی با
چەند ئاوازێ لە شمشاڵ

10
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
لە ژێر ڕووناکیی مانگەشەو
بیرمان لە خوا دەکردەوە
لەناو پاوانەکانا گۆرانیمان دەگوت
لە گۆماوەکاندا سەیری ئەو ژنانەمان دەکرد
خۆیان بە ئاوی کولّاو دەشوشت

11
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
ئێستاش شێوەی بیرکردنەوەم ئاسۆییە
ڕۆیشتنم ، قسەکردنم، ئاسۆییە
هەتا موزیکی شیعریشم ئاسۆییە
ئاسۆیی رادەکەم
ئاسۆیی گۆرانی دەڵێم
زۆر جار لەناو ئاسۆدا خەوتووم
بەڵام ستوونی هەڵکەوتووم

12
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
هەمیشە خەونم بە چیاوە دەبینی
خەونم بە دارستانی چڕو
بە ڕووباری قووڵەوە دەبینی
خەونم بە باکوورەوە دەبینی، باکووری دوور

13
سپێدان دایکم قۆغەیێ شیرو
یەک دوو هێلکەی بۆ دەکولّاندم
جانتایەکی پەڕۆی بەشانەوە دەکردم
مامۆستای قوتابخانەش بە ئەلف و بێی برایم
باڵدار

منالّیی لێ هەڵدەمژتم
ژەنگی جەهلی لێ دەکوشتم

14
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
لە تەنوورەکاندا کولێرەی نوورم فڕاندووە
لە نێو دڵی لەوەکاندا
هێلکەم لە ژێر زێڕی درەوشاوەی کا دزیوە
لە قەرسیلەکاندا شەونمم کۆکردووەتەوە
لەناو تەبارەی گەنمدا سێبەرم بۆخۆم چنیوە

15
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
هێشتا مۆرانەی کینە دڵمی نەسمیوە
ماسکم لە ڕوخسار نەکردووە
زمانم سپییە
دڵم سپییە
هێشتاش حەزم لە دونیای دەشت و کپییە

16
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
دەزانم کەی کۆڕەوی قولّینگان رەت دەبێ
کەی پەڕەسێلکە دێنەوە
کەی یەکەم تروسکەی ئاگر
لە ئاگردان دەکرێتەوە
کەی گوێم لە یەکەم هاواری شوان دەبێ
دەزانم کەی شیر لە گوانان میوان دەبێ

17
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
تاکە چەکم پیشەقان بوو
پیرۆزترین کتێبی من
تەنها خوێندنەوەی ئاسمان بوو
کێبڕکێم لەگەڵ با کردووە
قوڕادەم لەگەڵ شوان خواردووە
دەزانم چەند هەزاران جار
هاوارم بە هەورە تریشقە مردووە

18
من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم
لەبەرزایی گردەکاندا سەیری مانگم کردووە
لە گۆماوەکاندا ئەستێرەم ژماردووە
لە جۆخینەکان دەندەرۆشکم شکاندووە
دەزانم چەند قەپێلکە شەیتانۆکەم شکاندووە

هێرۆ کوردە



## ئیرۆتیک لە شیعردا

# ئیرۆتیک
# لە شیعری هەجوودا

3 – 3

نالی لەو قەسیدەیەی بۆ مەستوورەی نووسیوە، لەژێر پەردەی ئیرۆتیکدا سووکایەتی بە مەستووره کردووە. شیعری (مەستوورە)ی نالی جۆرێک لە خۆبەرزنواندنی پیاوانەیی نالییە وەک شاعیری بابانەکان، بەرامبەر بە نزم تەماشاکردنی مەستوورە وەک شاعیری ئەردەڵانەکان. "نالی لەم شیعرەیدا نایەوێت تەنیا خەوێکی خۆی کە بە مەستوورەوە بینیویەتی بگێڕێتەوە، بەڵکوو دەیەوێت پیاوانەبوونی خۆی بخاتە روو، لە هەمانکاتدا ژنبوونی مەستوورە بەبیر دێنێتەوە، بێگومان ئەو شیعرەی نالی بۆ مەستوورەی نووسیوە دەکەوێتە خانەی گێچەڵی سێکسییەوە، نالی دەیەوێت ئەوە بە ئەردەڵانەکان بڵێت کە شاعیری ئێوە ژنە، بەڵام شاعیری بابانەکان پیاوە، لەڕاستیدا شیعری مەستوورەی نالی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو دەسەڵاتی بابان و ئەردەڵانە لە بەرگی دوو شاعیردا و نالی پیاوبوونی خۆی بە فەخر دەفرۆشێت بە ئەردەڵانەکان" (1). زۆر کەس پێیانوایە هۆکارەکە کێشەی هەردوو بنەماڵە بووە "لەبەر ئەوەی پەیوەندیی جافەکان و میرنشینی ئەردەڵان لە هەندێ سەردەمدا گرژ بووە، جافە کۆچەرییەکان سنووریان بەزاندووە و چەکدارانی میرنشینی ئەردەڵان لێیان هاتوونەتە دەست و لێیان کوشتوون" (2).

مەستوره حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ ناز و عیتابێ

وشەی حەسنا و ئەدیب، لێرەدا وەسف و پێداهەڵدان نییە وەک زانراوە، بەڵکو کەمکردنەوەی حورمەتی ماه شەرەف خانمی ژنی والیی سنە بووە، نالی ویستوویەتی بڵێ ئەم ژنە بە ئەدەب و نووسەر و بەحورمەتە ئەمشەو هاتبوو داوای لێکردم سێکسی لەگەڵ بکەم ئەی ئەردەڵانییەکان، ئەمە لەکاتێکدایە توانای ئەدەبیی مەستوورە زۆر بەرز بووە و زۆر کەس بە هاوشانی (فەخرولعولەما و خانای قوبادی و میرزا شەفیع و مەلا وەلەد خان و ئەڵماس خان و مەلا پەرێشان)یان زانیوە.

زۆرجاران پیاو کە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی جەستەی ژنێک، هاتووە هەجووی کردووە، چونکە هەمیشە جەستەی ژن وەک خاڵی لاوازی دەگیرێت. گەر دەقەکەی نالی کە وەک دەقێکی ئیرۆتیکی ناسراوە بخەیتە بەر رەخنە "لە روانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبییەوە سەرنجی بدەین ئەوا دەردەکەوێت کە ئەوە ئەدیببوونی مەستوورەیە بۆ نالی تەحەمول ناکرێت. لە روانگەیەکی ترەوە نالی وەک روانگەی نەریتیی پیاوسالارانە دەرکەوتنی ئافرەتی لە گۆڕەپانی رۆشنبیریدا پێ تەحەمول نەکراوە" (3)، بۆیە ئەو دەقە هەجووکردنی مەستوورە بووە، جا یان بۆ ئەوەی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکات، یانیش بۆ ئەوەی چیدی ئەردەڵانەکان شانازی بە مەستوورەوە نەکەن. لەبەرانبەر ئەو شیعرە هەجووەی نالیدا مەستوورە بە شیعرێکی هەجوو وەڵامی داوەتەوە:

نالی جافەنی، نالی جافەنی
چێش وا چوون وەتۆ، تۆ کە جافەنی
چۆن مەرد بەدکار وەگەزافەنی
پەو کە هەر خجل و پووچی لافەنی (4).

دەتوانین ئەم شیعرەی مەستوورە بە یەکەم شیعری هەجووی تۆمارکراوی ژن ناوزەد بکەین، هەرچەندە خەڵکانێکی زۆر گلەییان لە مەستوورە کرد کە وەڵامی نالی داوەتەوە، بێگومان دەستپێکی شیعرەکەی مەستوورەش هاوشانی ئەوەی نالی بە سووکایەتی دەستپێکردووە بەڵام مەستوورە سووکایەتی بە بنەماڵەی جاف کردووە نەک نالی.

شیعری داشۆین لای کورد مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە ئەدەبی زارەکیشدا هەبووە، چ لە پەند و ئیدیۆمی کوردی و چ لە بەند و حەیران و لاوکدا، کە شایەر یان بەندبێژ کەسێکی دیاریکراو یان چەند کەسێکی بە گۆرانی هەجوو کردووە، لەمڕۆشدا گۆرانیی جۆری بەند هەیە و دوو بەندبێژ یەکدی هەجوو دەکەن، بەڵام ئیرۆتیکی نین، هەرچی لە رابردوودایە، لە بەرگی ئیرۆتیک و سێکسدا بووە، زۆر جار کەسێک پارەی دەدا بە شایەرێک بۆئەوەی کەسێکی بۆ هەجوو بکات و هەندێ جار هاوڕێش بوون و مەبەست تەنیا لێی گاڵتە و سوعبەت بووە.

زۆرینەی شیعری هەجوو هێرشکردنە بۆ سەر ژن، جا رکابەرەکە ژن بێت یان پیاو هەمیشە ژنێک جنێو دەخوات، چونکە بەم ڕێگەیە هەم شاعیری هەجوو دڵی ئاو دەخواتەوە کە وەسفی سێکس و ئەندامانی جەستەی ژنی دوژمنەکەی کردووە و هەم دوژمن هار و بریندار دەکات، چونکە بەپێی پێوەری گشتی لەکەدار کراوە "لەم روانینەدا پیاو و پیاوبوون لە سێکس و توانای سێکسی و تەنانەت ئەستووری و قەویبوونی ئەندامی نێرینەدا خۆی دەبینێتەوە. ئەم روانینە روانینێکە پیاوتەوەرە، ئوستوورەی پیاوبوون بە مانا جنسی و سێکسییەکەی کەوتووەتە چەقەوە و ژن بووە بە پەراوێز. پیاو دەبێت بە بکەر (فاعل) و ژن دەبێت بە بەرکار (مفعول به). ئەم روانینەش روانینێکە لەڕاستیدا رەگێکی قووڵی لە مێژوودا هەیە. مێژوو بەتایبەت دوای وەرچەرخانی سەردەمی دایکسالاری بۆ باوکسالاری، بەپێی ئەو بنەمایەی (ئیولین رید) بە تیۆری راو ناوی دەبات، مێژوویەکی دژە ژنە. لە ئوستوورەکاندا ژن بوونەوەرێکی شەیتانی و ناعەقڵانی و تاد (5).

دەستێکی هەیە (مەستی)یە فەندی لەکەرەمدا
میوانی ئەزیزی هەیە دایم لە حەرەمدا
ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان
سەد گانی بە رۆم داوە هەزاری بە عەجم دا

لەسەردەمی ئەمەویەکاندا شیعری داشۆرین دووبارە خۆی زیندوو کردەوە و زیاتر بەرۆکی ژنانی گرت و شاعیرانی ئەمەوی هەرکات بیانویستبا پیاوێک یان شاعیرێکی نەیار هەجوو بکەن، جنێویان بە ژنانی بنەماڵەکەی دەدا (ئەمەش چونکە شیعرەکە زیاتر جۆش و خرۆشی پێوە دەردەکەوت و خەڵکی شاعیرەکەیان لا پەسەندتر و هەجووکراویشیان لا سووکتر دەبوو، هەروەها لاقەکردنی موقەدەساتی پیاوانی بنەماڵە و دەستبردن بۆ پیرۆزی و حەرامکراوەکانیان هەم بوێریی دەویست و هەم شکۆی بنەماڵە باسکراوەکەی دەشکاند (6).

لە مێژووی شیعری هەجوودا و بەتایبەتی هەجووی شیعری عەرەبی هەردوو شاعیری ئەمەوی (جەریر و فەرزدەق) نموونەی شاعیرانی جنێودەرن، بەتایبەتی دژ بە ژنان "ئەم دوو شاعیرە خاوەنی قێزەونترین و بۆگەنترین شیعری هەجوون دژی دایک و خوشک و پوور و کچی یەکتر و تەواوی ئەندامەکانی ژنەکانیان کردووە بە شیعر و یەکتریان پێ داشۆریوە، جگە لەو چێژەی خەڵکی لە جنێوەکانیان وەرگرتووە، هەندێکیش بۆ چێژی سێکسی خوێندوویانەتەوە چونکە شیعرەکان شیکردنەوەی جەستە بووە لە شیعردا (7).

ئەوە نەبێت شیعری هەجوو کە بەشێکی زۆری ئیرۆتیک و سێکس و پۆرنۆشی لەخۆگرتووە، خاڵی بێت لە بەهای ئەدەبی یان جوانیی ئیرۆتیک، دەیان خوێنەر کە ئارەزووی شیعری هەجوو دەکەن، نە لایەنگری هەجووکارن و نە هەجووکراو بە دوژمن دەزانن، بەڵکو بەدوای وێنەی ئیرۆتیکی و جوانناسیەوەن، چونکە لە کوێ ئیرۆتیک هەبێ جوانناسی هەیە و زمان باڵایە و وێنەی شیعریی جوان بەدی دەکرێت.



پەراوێزەکان

1_مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبدا، ماڵپەڕی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (2015)
2_د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی،2012، لا 160
3_رەوف محەممەدپوور، مەستورەی کوردستانی، فیستڤاڵی نەتەوەیی، لا 106
4_سەرچاوەی پێشوو ل 111
5_د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی، 2012، لا 161
6_مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبدا.
7_د.هادی سدخ زغیر العزاوی و د.جمیل بدوی حمد الزهری، الهجاء بالمراه فی نقائج جریر والفرزدق، مجله القادسیه، عدد 95 ، (2009.
8_سەرچاوی پێشوو، ل 97